# وەبەرهێنانی (سەرمایەگوزاری) جەماوەری و سیاسی عێراقی

ئەم وتارە بە شێوەیەکی سادە و 'ماکرۆ' نووسراوە و باسی خاڵەکانی خوارەوە دەکەت:
(ئەگەر پێت وایە بەبێ یارمەتی دەوڵەتێک، بەبێ پارە یان خارجی پرۆسەی کلاسیکی و تەقلیدیدا ناتوانی هیچ بکەیت، ئەوا ئەم وتارە بۆ تۆ نییە و کاتت بەفیرۆ مەدە لە خوێندنەوەی).
وەبەرهێنان چییە، چەند جۆر وەبەرهێنان هەیە، و کامیان دەسەڵاتدارە لە عێراق؟ ئایا پاش ساڵی ٢٠٠٣ وەبەرهێنانێکی تازە و نوێ سیاسی پەیدا بۆوە لە عێراقدا؟ ناوی وەبەرهێنانی دەسەڵاتداری چینی سیاسی-ئایینی و جەماوەری عێراقی چییە؟ ئایا وەبەرهێنان گۆڕانکاریەکی بینیوە لە زەماندا لە سەر ئاستی سیاسی، ئابووری، تەندروستی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و نێودەوڵەتی، میدیای و خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمەکی باش بۆویە؟...هتد. وشەیەکی زۆر کورت لەسەر تورکیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قەندیل و ئەنجامی ئەم وتارە.
لەم بابەتەدا لە لایەکەوە بەشێوەیەکی زۆر قووڵ، فراوان و/یان زانستی باس لە خاڵەکانی خوارەوە ناکەین: کونسێپتی وەبەرهێنان بە گوێرەی تیۆرییەکانی جیاواز بە تایبەتی ئابووری، مێژووەکەی وەک وەبەرهێنان لە شۆڕشی پیشەسازیدا یان لە سەدەی ڕابردوو، ئێڤۆلوسیونیزمی یان تایبەتمەندییەکانی؛ کونسێپتەکانی جیاوازی وەبەرهێنان وەک: کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕێگاوبان، پەروەردەیی، کولتووری، جەستەیی، غەیری مادی(وەک سایکۆلۆجی)، ئەمنی، سیاسی، عەسکەری، ئابووری، تەندروستی، تەکنەلۆژی، چالاک یان پاسیڤ(ناچالاک)، دارایی (چەند جۆری هەیە)، کشتوکاڵ، میدیای وهتد؛ و لە لایەکی ترەوە ڕەفتار و کرداری تاکەکەس، مرۆڤ و کۆمەڵگا بە گشتی
وەک: سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی، میدیای، ئابووری، ئەمنی، تەندروستی، عەسکەری، پەروەردەیی، ئایینی، ناڕەزایەتی، دارایی، بەشداریکردن لە پرۆسەی جیاوازدا و هتد وەک جۆرێک لە وەبەرهێنان دەبینین.

وەبەرهێنان کونسێپتەکی کۆن وخاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمی تایبەتی خۆیە. بۆرسی ئەمستردام لە ساڵی ١٦٠٢ و بۆرسی نیویۆرک لە ساڵی ١٧٩٢ دروست بووە. وەبەرهێنان وەک ئێستا کە هەیە لە سەدەی ١٧ و ١٨ەوە دروست بووە. بە شێوەیەکی سادە وکورت دەتوانین بڵێین کە وەبەرهێنان:
بەکارهێنان و تەرخانکردنی ئیمکاناتی مادی بە تایبەتی پارە و غەیری مادی (بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ)، بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراو و ئەوە بۆ ئەنجامێکی باشتر و زیاتر کردنی سەروەت و سامانی تاکەکەس، کۆمەڵگا، کۆمپانیا، ڕێکخراو،
عەشیرەت، جەماوەر و هتد. هەر جۆرێکی وەبەرهێنان تایبەتمەندی و مەترسی خۆی هەیە. لە زۆر حاڵەتدا قازانج کردن، ریسک و مەترسی (دۆڕاندن و/ یان زەرەر کردن)، دوو دیوی یەک دراون. ریسک و مەترسی گرێدراون بە چەند شتێک: پرۆژەیەی کە وەبەرهێنانی تێدا دەکەی، کێ سەرکردایەتی پرۆژەکە دەکات (بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ، زانستی، تەقالید و هتد)، چ جۆر وەبەرهێنانێکت هەڵبژاردووە، کوالێتیی کۆمپانیا، دۆخی ئابووری و هتد. هەر وڵات و ناوچەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە سەبارەت بە وەبەرهێنان کە بەپێی سەردەمی خۆی گۆڕانکاری دەبینیت. لەگەڵ پەیدابوونی ئینتەرنێت لە ساڵاکانی ١٩٩٠ دا، لێکولینەوە و تواناکانی وەبەرهێنان و بازرگانی کردن ئاسانتر بوون و پرۆسەی دیموکراسی کردنی وەبەرهێنان کە پێشتر دەستی پێکرد بۆ تەواو بۆ.

چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" مێژووی عێراق چیمان پێ دەڵێت لە سەر وەبەرهێنانی سیاسی و دینی دەسەڵاتدار یان جەماوەری و/یان وەبەرهێنان چۆن بوویە لە سەرانسەری عێراقدا؟ خاڵەکانی جیاواز و هاوبەشی وەبەرهێنانی جەماوەری و دەسەڵاتداری کوردی و عەرەبی پێش و دوای ڕووخانی سەدام چین؟ دەتوانین باسی چەند وەبەرهێنانی دەسەڵاتداری عێراقی و جەماوەری بکەین لە ساڵی ١٩٣٢ تا ئێستا و پێویستە چی لەوان فێربین؟ ئایا ئەم کونسێپتە خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمەکی باش بۆویە لە عێراقدا؟ نە.
بە شێوەیەکی زۆر سادە، کورت و 'ماکرۆ': مێژووی عێراق ئیسبات دەکەت کە وەبەرهێنانی سیاسی دەسەڵاتداری عێراقی لە زەماندا لە ژێر کۆنترۆڵی دیکتاتۆری، قاچاخچێتی، گەندەڵی، نێگەتیڤیتی، توندوتیژی جیاواز، بەرژەوەندی چەند کەسێک، تائیفەگەری، میلیشیایی، خزمەتی ئەکتەری بیانی و هتد، دابوویە = چەند تایبەتمەندییەکانی وەبەرهێنانی سیاسی و "دینی(بە تایبەتی دوای ڕووخانی سەدام حسێن)"، عێراقی. = وەبەرهێنانەکی شەخسی زۆر پیس کە نە بەس دەسەڵاتدارە لە زەماندا، بەڵام لە هەمان کاتدا بووەتە بە یاسا، شەرعییەت[1] و خارجی ئەوە هیچ وەبەرهێنانێکی تر نییە."
هوشیار بارزانی گووت:" لە کوردستان (باسی وەبەرهێنانی سیاسی و ئایینی پێش ساڵی ١٩٩١ ناکەم)، دوای ساڵی ١٩٩١ وەبەرهێنانی جەماوەری و میلیشیای، پرۆسەی ئاسایی خۆی گرتەبەر. وردە وردە وەبەرهێنان چ جەماوەری و چ میلیشیای بۆ بە خاونی فۆرم، تایبەتمەندی رفتار، کردار و پێکهاتەکانی خۆی کە ئێستاش هاوار دەکەن لە ناو کۆمەڵگادا. وەبەرهێنانی نورمال و شەرعی قاچاخچێتی پارتی و یەکێتی بە چەند شێویە و چۆنە کە دزینی ملیۆنها دۆلارە ڕۆژانە؟ وەبەرهێنانی دەسەڵاتداری سیاسی کوردی زۆر زوو خۆی دروست کرد و بۆ بە خاوەنی بناغەیەکی درێژخایەن، بە شێوەیەک کە جەماوەر و کۆمەڵگای کوردی بەس وەبەرهێنان لە وەبەرهێنانی دەسەڵاتداری میلیشیای کوردی دەکەن.
چەند تایبەتمەندی وەبەرهێنانی میلیشیای سیاسی کوردی: ترس[2]، مانتاڵ[3]، شەڕی براکوژی، شەڕی: دەروونی، ئایینی، ئابوری، دارایی وهتد لەگەڵ گەلی کورد؛ خیانەت، نادادپەروەری، ستەم و زوڵموزوری، گەندەڵی بێ سنوور، کۆیلایەتی، بێ بەها کردنی تاکەکەس و کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عام، دەوڵەمەند کردنی بێ سنووری خۆیان، پاراستنی کورسی، خزمەت کردنی ئەکتەری دەوڵی خارجی و هتد. = پێکهاتەکانی بنەرەتی وەبەرهێنانی سەرکردەکانی میلیشیای کوردی.
پێویستە هێزەکانی ئەمنی، پێشمەرگە، پۆلیس و کۆمەڵگا لە خۆتان بپرسن: لەم حاڵەتەدا ترسی سەرۆک، سەرۆک وەزیر، وەزیر، سکرتێری میلیشیای دەبێت چۆن بێت؟ مێژووی کۆمەڵگای کوردی لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ئێستا بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا تایبەتمەندیەکانی وەبەرهێنانی

[1] https://kcdme.com/M.%20Amin%2015.03.2021.pdf

[2] https://kcdme.com/M.Amin%2026.07.2023%20---PDF.pdf
https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf

[3] https://kcdme.com/M.%20Amin%2021.11.2022.pdf

میلیشیای کوردی ئیسبات دەکات. چەند جارهەڵبژاردن کراوە؟ چەند حزبی سیاسی دروست بوونە و چییان کردووە؟ تا ئێستا کۆمەڵگای کوردی خاوەنی چەندین تەجروبە بوویە و سەرەڕای ئەوە نەیتوانیوە خۆی رزگار بکەت لە وەبەرهێنانی میلیشیای.

بۆ رزگار کردنی خۆت لە وەبەرهێنانی میلیشیای زۆر خراپ و ناخۆش، ئەندامی حزبی، پێشمەرگە، جەماوەر، قوتابی، کۆمەڵگا، هێزەکانی ئەمنی، 'پەرلەمانتار'، ماموستا، فلان کەس، 'رۆشنبیر'، کەسایەتی ناسراوی کوردی، رۆژنامەنووس، چالاکوان، دادوەر، پۆلیس،...هتد، چیت کردووە؟ چۆن و لە چیدا وەبەرهێنانتان کردووە؟ و ئەنجامەکەی چی بووە تا ئێستا و تا کەی بەردەوام دەبن؟ بەرێوەبەرایەتی ئەم وەبەرهێنانە چییە؟ مێژووی تۆ تا ئێستا چی پیشان دەدات، چی ئیسبات دەکەت؟ = بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی مانتالەکی پیس، نەزان و نزمی، کە قفل کراوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری خۆت نی. فلان کەس دەڵێت: کاکە چۆن تینەگەیشتم و/یان تۆ دەتەوێت 'حکومەت' بږووخێنی. مردووی دوو دینار، دۆلار[4] و مانتاڵی.
وەبەرهێنانی میدیای بەگشتی کە لە ژێر کۆنترۆڵی ویژدانەکی زۆر نزم و بچووک دایە وەبەرهێنانێکی رزی و خرایە کە بە بەردەوام یارمەتیدانی وەبەرهێنانی سیاسی دەسەڵاتدار دەکەت. هیچ شتێک لە کوردستانا عێراقە و لە عێراقدا بەهای خۆی نەماوە.
لە سەرەتای بزووتنەوەی گۆران، زۆر کەس لە ئێوە (ئەندام، کادر یان لاینگیری گۆران)، دڵخۆش و خۆشحاڵ بوون (بەشێوەیەکی بێ سنوور ساویلکە، نەزان و خاوەنی ویژدانەکی زۆر بچووکی(بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری خۆت نی)، و ئاگادار نی کە گۆرانکاری لە دەرەوەی مانتاڵە)، بەڵام ئیستا بۆ هەمووتان ئیسبات بۆ، گوران وەبەرهێنانی لە چی کردووە؟ دزی وگەندەڵی بێ سنوور، وەبەرهێنانی دەسەڵاتداری میلیشیای کوردی، مانتاڵەکی نزم و نەزان. سکرتێری گشتی و 'بەرپرسی باڵای' نەوەی نوێ، یەکگرتووی ئیسلامی، رەوتی هەڵوێست، کۆمەڵی دادگەری، بەرەی گەل، هاوپەیمانیی هەرێمی کوردستان، کۆمۆنیست، سۆسیالیست و هتد، جارێکی تر لە هەڵبەرکێ خۆتان رازی بۆون؟ مانتاڵی خۆتان رازی کرد؟ = بێ گومان وە سەد لە سەد هەمان وەبەرهێنانی بزووتنەوەی گۆرانە بەڵام بە رەنگی جیاوازەوە.
ئەم تەجروبانە بە شێوەکانی جیاواز پێویست بوون(جەماوەر ئاگادار نەبوو چۆن ئەم بارودۆخە پەیدا بۆ[5] و بە 'شێوەیەک' پرۆسەیەکی نورمالی کۆمەڵگان)، بۆ 'ئاگادار کردنەوەی' کۆمەڵگا، بەڵام ئێستا بەشێکی گرنگی سیستەمن. بینین و بۆچوونی کلاسیکی، هزر، عەقلییەت و کار کردنی کلاسیکی هیچ سوودی نییە بۆ گۆرانکاری ریشەیی. فڵان کەس دەڵێت کاکە چۆن تێنەگەیشتم؟
بەم وەبەرهێنانی زۆر نێگەتیڤ، کۆمەڵگا و جەماوەر پێویستە ئەم پرسیارانەی خوارەوە لە خۆتان بکەن: کتێب یان بیرەوەرییەکانی سکرتێری میلیشیای(حزبی)، وەزیر گوزیر و پەرلەمانتار، سەرۆک، سەرۆک وەزیر، ئەندامی باڵای میلیشیای و هتد، چۆن واقیعی گۆریوە و چەند درۆی تێدایە؟ چەند جاری تر وەبەرهێنان دەکەن دژی خۆتان؟ جگە لەم دوو وەبەرهێنانەی دەسەڵاتدار و جەماوەری، ئایا وەبەرهێنانێکی تر نییە؟ چۆن ئەم بابەتە دەبێیت بە عەمەل، کردار؟ تا کەی هەست بە گرنگی خۆتان ناکەن و بەس خاوەنی ئەم وەبەرهێنانی ژەهراوی دەبن؟
فڵان کەس بۆ ڕازیکردنی مانتاڵی نزمی خۆت دەتوانی وەڵام بدەیەوە بەڵام پێش وەڵامەکەت "......"، خۆت بنووسە بۆ ئەوەی لاڵ نەبی نەزان. هەبوونی ویژدانەکی نزم، میکانیکی و بەم شێوەیە بیر کردنی مردنی جەستەیی خۆت هیچ سوودێکی نییە.
هێشتا دەتەوێت(ئەندامی حزبی، پێشمەرگە، جەماوەر، قوتابی، کۆمەڵگا، هێزەکانی ئەمنی، 'پەرلەمانتار'، ماموستا، فڵان کەس، 'رۆشنبیر'، کەسایەتی ناسراوی کوردی، رۆژنامەنووس، چالاکوان، دادوەر، پۆلیس،...هتد)، چەند هەڵبەرکێ تر بکەیت؟ کەی تێدەگەن کە دەبێت تەسلیم بن و جگە لەوە هیچ چارەسەرێکی تر نییە؟ کەی تێدەگەن کە کاتی ئەم میلیشیانە بە هیچ شێوەیەک نەماوە؟
بێ گومان خارجی چەند جیاوازییەکی بچووکەوە وەبەرهێنانی مەسیحییەکان لە عێراقدا وەک وەبەرهێنانی سوننە، شیعە و کوردە.
وەبەرهێنانی کۆمەڵگا و جەماوەری کوردی بە گشتی چۆن بۆویە تا ئێستا؟ بارودۆخی خراپی ئێستا بە روونی و بە هێز وە ڵامی پرسیارەکەمان دەداتەوە. چەند تایبەتمەندی وەبەرهێنانی جەماوەر(چ حزبی و غەیری حزبی)، وکۆمەڵگای کوردی: وەبەرهێنانەکی بە هێز لە: مانتالەکی نەزان ونزم، کۆیلایەتی و بێ بەها کردنی خۆتان، ترس، ستەم، زوڵموزوری، دزی وگەندەڵی بێ سنوور، وەبەرهێنانی دەسەڵاتداری میلیشیای کوردی، ویژدانەکی میکانیکی و هتد. بۆچی کۆمەڵگای کوردی نەیتوانیوە خۆی لەم وەبەرهێنانە رزگار بکات کە دووبارە دەبنەوە؟

کەی جەماوەر و کۆمەڵگای کوردی لەوە تێدەگەن ـ کە تا بەردەوام دەبن لەم دوو وەبەرهێنانی دەسەڵاتدار و جەماوەری، بەس خاوەنی ئەم بارودۆخی ئێستا دەبن و هیچ کەس با باسی گۆرانکاری بنەرەتی یان دادپەروەری وعەدالەت نەکەن، ـ کە کاتی ئەم وەبەرهێنانی جەماوەری ومیلیشیای کوردی بە هیچ شێوەیەک نەماوە، ـ کە گۆرانکاری ریشەیی هیچ پەیوەندییەک بە هەڵبژاردن، کۆنگرە، کۆبوونەوە، دیوان و مەجلیس گەرم کردن، زەمان و مەکاندا وهتد، نییە، ـ کەی جەماوەر، کۆمەڵگا وهێزەکانی ئەمنی بە شێوەیەکی عام هەست بە ئەوە دەکەن کە مەحاڵە (بە مانتالی ئێوە)، بتوانن خۆتان رزگار بکەن لەم وەبەرهێنانی میلیشیای دەسەڵاتدار و جەماوەری. ـ هتد.
وەبەرهێنانی سیاسی لە سەردەمی سەدام حوسێندا چۆن بوو؟
تائیفەگەری، ئایدۆلۆژیایەکی هێرشبەر، ترس، دیکتاتۆرییەت، شەڕی ناوخۆ و دەرەکی، گەندەڵی، ستەم و زوڵمو زۆرداری، بەرژەوەندی بنەماڵەیی و هتد، چەند پێکهاتەکانی بنەرەتی وەبەرهێنانی سەدام بوون. مێژوو ئەم خاڵانەی سەرەوە بە ڕوونی ئاشکرا دەکات و هەروەها ئەنجامی ئەم وەبەرهێنانە پیشان دەدات. زۆربەی ئەم خاڵانە لە دوای رووخانی سەدام زیندوو مانەوە بەڵام بە ڕەنگ وشێوازی جیاواز و ئەوە پێشان دەدات کە چینی سیاسی و ئاینی عێراقی بە شێوەیەکی عام خاوەنی ویژدانەکی زۆر نزمە.
لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی، ئەنجامی وەبەرهێنانی چینی سیاسی-ئاینی عەرەبی شیعە و سوننە چی و/یان چۆن بۆویە؟ تەواوی پرۆسەی سیاسی و بەرێوەبردن لە عێراقدا کەوتۆتە ژێر ململانێیەکی توند و هار بۆ بەدەستهێنانی فڵان پۆست و پلە، کە وەبەرهێنانەکی زۆر تایبەتە: پرۆفیشناڵ، چۆن بە زۆترین کات دەوڵەمەند دەبی، دزی وگەندەڵی بێ سنوور، بە هێز کردنی وەبەرهێنانی دەسەڵاتداری میلیشیای شیعە و سوننە، مانتاڵەکی نزم و نەزان، تائیفەگەری، ترس، ستەم و زوڵموزوری و هتد.

---

[4] https://kcdme.com/M.%20Amin%2004.05.2022.pdf

[5] https://www.youtube.com/watch?v=VjiJZvKPO-8
https://www.facebook.com/100067947618581/videos/2081082235591968/?extid=NS-UNK-UNK-UNK-IOS_GK0T-GK1C
https://kcdme.com/Ayoub%20Barzani%20article---%2020.03.2024.pdf

چینی سیاسی-ئاینی عەرەبی شیعە و سوننە ئامادەن بۆ هەموو ریسك و مەترسی و هەموو شتێک کە بەرگری لەم پرۆسەی وەبەرهێنانی دەسەڵاتدار دەکەت لە عێراقدا نورمال، ئاساییە و ئەمەش بە روونی لەلایەن مێژووەوە بۆمان ئیسبات بووە: تاڵانکردنی سەروەت و سامانی عێراق، هەبوونی بنکەی سەربازی ئەکتەری دەوڵی خارجی لە عێراقدا، کوشتن و بریندار کردنی هەزاران خۆپێشاندەر، تائیفەگەری، دزی وگەندەڵی بێ سنوور، هەبوونی میلیشیای جۆراوجۆر و هتد.

پرسیارێک بۆ هەموو گەلی عێراق: جیاوازی لەنێوان ئەو کەسانە چییە کە بە هێزی خۆیان( کە زۆر جار توندوتیژی بە کاردەهێنن، وەک سەدام)، دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئەوانەی کە بە یارمەتی ئەکتەری دەوڵی بیانی بۆون بە خاوەنی دەسەڵات(وەک بەرپرسەکانی میلیشیای ئێستای بەغدا)؟ زۆر حەز لە تائیفەگەری دەکەن و لەبەر ئەوەش بۆتان بە زمانی تائیفەگەری دەنووسم. لە ژێر دەسەڵاتی سەدامدا،
وەبەرهێنانی جەماوەری شیعە وەبەرهێنانێکی 'ناچار'، ژێردەست، گەندەڵی، ترس، ستەم و زوڵموزوری وهتد بوو. بەڵام ئێستا بۆ چی هێشتا جەماوەری شیعە بەردەوامن لە وەبەرهێنان لە تائیفەگەری، گەندەڵی، ترس، کۆیلایەتی وبێ بەها کردنی خۆتان، ستەم، زوڵموزوری وهتد. لە کاتی سەدام وئێستا وەبەرهێنانی جەماوەری سوننە چۆن بوو؟ لە سەردەمی سەدامدا وەبەرهێنانی جەماوەری سوننە وەبەرهێنانێکی 'بە هێزتر وئازادتر'، تائیفەگەری، گەندەڵی، 'ترس، ستەم و زوڵموزوری بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر'، کەمینە، کورتخایەن و هتد بۆ.
لە زەماندا بێ گومان خاڵەکانی هاوبەشی وەبەرهێنانی جەماوەری شیعە و سوننە زۆرترن لە جیاوازییەکان(بە شێوەیەکی زۆر کورت و سادە): لە چوارچێوەی بەرپرسەکانی مەرکەزی خۆیان وەبەرهێنان دەکەن و بە شێوازی جیاواز رازی دەبن؛ خارجی ئەم دوو وەبەرهێنانی جەماوەری و دەسەڵاتدار هیچ وەبەرهێنانێکی تر نەبوویە؛ بێ بەها کردنی خۆتان، دزی و گەندەڵی بێ سنوور، ترس، ستەم و زوڵموزوری، میلیشیا و دیکتاتۆرییەت، توندوتیژی جیاواز، بەرژەوەندی چەند کەسێک و ئەکتەری دەوڵی خارجی، تائیفەگەری؛ تا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیان لەو وەبەرهێنانی خراپ و نێگەتیف رزگار بکەن و هتد.= ویژدانەکی زۆر نزم و بێ ئاگادارییەکی تەواو.
عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی بارودۆخی وەبەرهێنانەکانی جیاواز وەک: دارایی، ڕێگاوبان، میلیشیای، پیشەسازی، ئەمنی، میدیای، پەروەردە، تەندروستی، گەندەڵی و هتد چۆنە ئێستا؟ بارودۆخی خراپی ئێستا بە ڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. بۆچی ناتوانن خۆتان لەم وەبەرهێنانە ڕزگار بکەن وهەر دووبارە دەبەنەوە؟ بێ گومان گرنگی تەقالید، کولتوور، ترس، عێراق وەک کۆمەڵگای جیهانی سێیەم چەند خاڵێکن کە دەتوانن وەڵامی پرسیارەکەمان بدەنەوە. کێن ئەوانەی کە ئەم وەبەرهێنانە بۆتان دەکەن؟"

مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشانمان دەدات کە خالەکانی هاوبەشی وەبەرهێنانی جەماوەری وسیاسی ( ئایدۆلۆژیای هێرشبەر، ترس، دیکتاتۆرییەت، شەڕی ناوخۆ و دەرەکی، کۆیلایەتی کردنی جەماوەر، گەندەڵی، ستەم و زوڵمو زۆرداری، تائیفەگەری، بەرژەوەندی بنەماڵەیی، پابەند نەبوون بە یاسای نێودەوڵەتی وهتد)، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرن لەگەڵ ئەوانەی عێراقدا. ئەم خاڵانە دەسەڵاتدارن چ بە شێوەیەکی جەماوەری یان سیاسی، بەڵام گرنگییان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. زۆر گرنگە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیان لەم وەبەرهێنانە رزگار بکەن و داخلی ئاستێکی تری ویژدان بن. ئەگەرنا بە بەردەوامی زیندانی وەبەرهێنانی خراپ ونێگەتیڤی خۆتان دەبن.
بۆ نموونە تورکیا: مێژووی وەبەرهێنانی سیاسی تورکیا چیمان نیشان دەدات لە ساڵی ١٩٢٣ تا ئێستا؟ وەبەرهێنانی سیاسی تورکیا خاونی چەندین سورعەتە کە پێکهاتەکانی بنەرەتی: ترس، ستەم و زوڵموزوری، ئایدۆلۆژیای هێرشبەر، قاچاخچێتی و گەندەڵی، توندوتیژی جیاواز، کۆپی کردنی بەهاکانی غەربی بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سقەت و هتد. لە زەماندا ئەنجامی ئەم وەبەرهێنانە چی بووە؟ = کۆمەڵگایەکی نەخۆش، توندوتیژی و شەڕی جیاواز، ئابوورییەکی لاواز و هتد. لەم حاڵەتەدا، تورکیا لەم شوێنە دانییە کە بە سوریا یان وڵاتێکی تر بڵێت یارمەتیت دەدەم بۆ دەستوور یان بۆ دروستکردنی موئەسەساتی حکومیی. تەنانەت سەد ساڵی تریش بەم وەبەرهێنانە تورکیا وەک وڵاتێکی ئەوروپی لێ ناهێت. تورکیا وڵاتێکی پێشکەوتووە بۆ سۆماڵیا یان ئەفغانستان.
ئایا قەندیل هیچ وەبەرهێنانێکی هەبووە یان هەیە و ئەوانە چۆن بۆونە: باش، خراپ، کورتخایەن، درێژخایەن و هتد؟ وەبەرهێنانەکانی جیاوازی قەندیل (نە هەمووی بە شێوەیەکی میلیشیای و/یان حزبی)، وەک: سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، نێودەوڵەتی، ناوچەیی، تەکنەلۆژی، زماناسی، میدیای، دیمۆگرافی و هتد، چۆنن؟ چین تایبەتمەندییەکانی ئەم وەبەرهێنانە؟ ئاگاداری ئەم کونسێپتی وەبەرهێنانی؟ نە.
لە زەماندا کام وەبەرهێنان لە هەموویان گرنگترە؟ وەبەرهێنانەکی وشک، نەزان، ساویلکە و ویژدانەکی زۆر نزم دەسەڵاتدارن. خالەکانی هاوبەشی وەبەرهێنانی قەندیل لەگەڵ میلیشیای کوردستانا عێراقە زۆرن. قەندیل کام دەوڵەت پێش ئەوانی تر و زۆر زوو ئەم بابەتە تەرجومە دەکەت؟ قەندیل بە شێوەیەکی زۆر کورت و سادە ئەم چەند ڕستەیەم بۆت نووسی بۆ" دیوان و مەجلیس گەرم کردن"، ئەزانی بۆ؟

لە کۆتاییدا هوشیار بارزانی گووت:" با چینی سیاسی و ئاینی دەسەڵاتداری عێراقی بەگشتی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئەنجامی وەبەرهێنانەکانی جیاوازی ئێوە تا ئێستا چی بووە؟ جەماوەری عێراق(کورد، مەسیحی، شیعە و سوننە)، یان ئامارەکان چی دەڵێن لەوبارەیەوە؟ تا کەی جەماوەر و کۆمەڵگای عێراقی بەردەوام دەبن لە وەبەرهێنانەک کە لە زەماندا زۆر بە هێز دژی ئێوەیە؟ جەماوەری عێراق چۆن و بە چ شێوەیەک وەبەرهێنان دەکەی؟ جۆری وەبەرهێنانەکەت کە هەڵدەبژێری پەیوەندیدارە بە ئەو شتەی کە بەدوایدا دەگەڕێت(لە مەکاندا)، بە شێوەیەکی ئاگادار یان بێ ئاگادار: مانتاڵ، ترس، ستەم و زوڵموزوری، بێ بەها کردنی خۆتان، گەندەڵی بێ سنوور، میلیشیا و دیکتاتۆرییەت، توندوتیژی جیاواز، بەرژەوەندی چەند کەسێک و ئەکتەری دەوڵی خارجی، تائیفەگەری و هتد. بەردەوام بوون لە وەبەرهێنانی خۆتان بە شێوەیەکی کلاسیکی و ویژدانەکی زۆر نزم= بە هێز کردنی وەبەرهێنانی چینی سیاسی-ئائینی دەسەڵاتدار و جەماوەرییە. چارەسەر چییە عێراق؟ ئەم وتارە بە ڕوونی وەڵامی پرسیارەکەمان دەداتەوە."
هەر چەند مانتاڵی تۆ بەهێزتر بێت، تێگەیشتنی میکانیکی تۆ لەم بابەتە بەهێزترە. فڵان کەس دەڵێت کاکە چۆن تێنەگەیشتم؟
م. ئەمین